**وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی**
**ڕێکەوتی : ٧ / ٥ / ٢٠١٢**

**ڕێنمایی ژمارە ( ١ ) ساڵی ( ٢٠١٢ )**

**بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی ( ٤٨ ) لە سیستەمی فەرمانگەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :**

**ڕێنمایی بەکارهێنانی چەك (بۆ هێزی جێ بە جێ کردن) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی**

**ماددەی ( ١ ):** بۆ کارمەندانی هێزی جێ بە جێ کردن هەیە کە هێز بەکاربهێنن بە چەك و بێ چەك بەبێ گەڕانەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەم حاڵەتانەی خوارەوە :-

**یەکەم** / بەرگری کردن لە خوود لە کاتێکدا کە ترس هەبێت لەسەر ژیانی کارمەندانی جێ بە جێ کردن وە یاخود ڕاوە دوونانی سزادراو لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕاکردن .

**دووەم** / پارێزگاری کردن لە بەشەکانی چاکسازی .

**سێ یەم** / پارێزگاری کردن لە کارمەندانی چاکسازی وە یا فەرمانبەرانی سەر بە چاکسازی وە یان ئەو کەسانەی لە دەرەوەی چاکسازی لەو کاتەی کە لە ناو بەشەکانی چاکسازیدا دەبن وە مەترسی هەبێت لەسەر ژیانیان .

**چوارەم** / پارێزگاری کردن لە سزادراوان و نەوجەوانان وە ڕێگرتن لە ڕاکردنیان لە ناو چاکسازی یاخود لە دەرەوەی چاکسازی لە کاتی ڕەوانە کردنیان بۆ دادگا یا نەخۆشخانەی یان هەر شوێنێکی تر .

**پێنچەم** / بۆ کۆتایی هێنانی بە هەر گرژی و یاخی بوونێك کە لە ناو چاکسازیەکاندا ڕوو دەدەن لە کاتی هەوڵی شکاندنی دەرگای چاکسازیەکان دەدرێت .

**ماددەی ( ٢ ):** هێز بە دەر لە چەك ، واتا بەکارهێنانی غازی فرمێسك ڕێژ - داری کارەبایی - وە یان هەر هۆکارێکی تر کە پشێوی و ئاژاوە و شەر کەم بکاتەوە وە یان کۆنترۆل بکات.

**ماددەی ( ٣ ):** بەکارهێنانی هێزی چەك لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕاکردن بە گروپ وە یان بە تاك پێویستە:-

**یەکەم** / سەرەتا گوللەی پلاستیکی بەکاربهێنرێت بۆ ووشیار کردنەوە و کۆنترۆل کردن .

**دووەم** / ئەگەر هاتوو لە دەسەڵات و کۆنترۆل دەرچوو پێویستە گوللەی زیندوو بەکاربهێنرێت گوللەی یەکەم بۆ ئاسمان و گوللەی دووەم بۆ ڕان و بەر و خوار بەکاردەهێنرێت .

**ماددەی ( ٤ ):** بۆ ڕێگە گرتن لە هەوڵی ڕاکردن بە شەو بە گروپ وەیان بە تاك ، پێویستە :

**یەکەم** / ڕووناکی پێویستە دەستەبەر بکرێت .

**دووەم** / سەرکردەی مەیدانی (مأموری ئیشکگر) بڕیاری پێویست دەدات لە چوار چێوەی تەڵبەند و دیواری دەرەوەی چاکسازی گوللەی زیندوو و تا چەند بەکاربهێنرێت بە ڕچاوکردنی بڕگەی (یەکەم) و (دووەمی) ماددەی سێ .

**ماددەی ( ٥ ):** بۆ نەوجەوانان لەو حاڵەتانەی سەرەوە تەنها هێز بەکاربهێنرێت بە بێ چەك .

**ماددەی ( ٦ ):**

**یەکەم** / پێویستە مأموری ئیشکگر ڕاستەوخۆ لە کاتی ڕوودانی کت و پڕ پەیوەندی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە سنووری ئیدارەکەی بکات .

**دووەم** / لەسەر بەڕێوەبەر و مأموری ئیشکگر ڕاستەوخۆ لە کاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێکی کت و پڕ دەست بەجێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی ئاگادار بکەنەوە ، وە دواتر ڕاپۆرتێکی گشتی لەبارەی ڕووداوەکە پێشکەش بکەن و لێژنەی لێکۆلینەوە پێکبهێندرێت .

**ماددەی ( ٧ ):** بۆ شارەزابوون لەسەر شێوازی بەکارهێنانی هێز بە چەك وە بەبێ چەك ، پێویستە بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی خولی بەردەوام بکەنەوە بۆ کارمەندانی هێزی جێ بە جێ کردن .

**ماددەی ( ٨ ):** ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لەڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**